# کۆتبەندی ئایینی لە داڕشتنی پەندی پێشینان‌دا

د. صافیە محەمەد ئەحمەد
زانکۆی ڕا پەڕین
فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی کوردی

پێرست:

- پێشەکی
- بەشی یەکەم: پەندی پێشینان(چەمك و تایبەتمەندی)
- بەشی دووەم: کۆتبەندی ئایینی و مەزراندنی لە (ڕوخسار و ناوەڕۆکی) پەندی پێشیناندا
- ئەنجام
- سەرچاوە
- کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی
- کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی

## پێشەکی

پەندی پێشینان بەرهەمێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆرییە، کە بەرهەمی خەڵکە و خاوەنێکی دیاریکراوی نییە و بە موڵکی هەموو میللەت دادەنرێت، لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکییەوە خاوەن تایبەتمەندی و سیما و چەند ئەدگارێکی تایبەت و دیاریکراوی خۆیەتی، هەر ئەمەش وای کردووە، کە جیاوازبێت لە بەشەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆر. پەندی پێشینان لەبەرئەوەی لەناو جەرگەی کۆمەڵگا هەڵقووڵاوە و گەشەی کردووە؛ بۆیە دەبینین، کە هەموو ڕەهەند و بەرنامە و لایەنە جیاوازەکانی(ئایین، کۆمەڵایەتی، پیشەسازی، ئابووری...هتد) ناو سیستەمی کۆمەڵگا ڕاستەخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر چۆنیەتی داڕشتنی و ئەمەش بۆتە هۆکاری مەزراندن و دەرکەوتنی وشە و پێکهاتەکانی تایبەت بەم لایەنانە لە پەندی پێشیناندا.

ئەگەرچی لە زمان و ڕەخنەی ئەدەبی کوردییدا گەلێك توێژینەوەی جۆراوجۆری لە بارەوە ئەنجامدراوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئایین وەك بەرنامەیەکی ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، یەکێك بووە لەو فاکتەرانەی کە ڕاستەوخۆ لە داڕشتنی پەندی پێشیناندا ڕەنگی داوەتەوە و لە چەند پەندێکدا سوود لە بنەما و کۆڵەکە و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی وەرگیراوە، جا لە ڕووی شێوە و ڕوخسار و فۆڕمی داڕشتنەکەوە بێت، یان واتا و مەبەست و ناوەڕۆکەوە بێت؛ بۆیە ئێمە لە گۆشە نیگایەکی جیاوازتر و لە سۆنگەی ڕەنگدانەوەی کۆتبەندە ئایینییەکاندا لەسەر پەندی پێشینانی کوردیدا دەمانەوێت ئەم توێژینەوە ئەنجام بدەین.

بە لەبەرچاو گرتنی زۆرینەی ڕێژەی پەیڕەوکارانی میللەتی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شارەزایی زیاترمان لەم ئایینەدا هەوڵدەدەین زۆربەی ئەو پەندانەی لە داڕشتنیاندا پشت بە دۆگما و بنەماکانی ئایینی ئیسلام بەستراوە وەرییان بگرین و شییان بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا پشتمان بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)بەستووە، وەك سەرچاوەی سەرەکی و دروستی ئەم ئایینە.

توێژینەوەکەمان دابەش کردۆتە سەر دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا تیشکمان خستۆتە سەر چەمك و تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینانی کورد لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، لە بەشی دووەمیشدا لە پاڵ باسکردنی پەیوەندی پەندی پێشینان بە ئایینەوە، چۆنیەتی سوود وەرگرتن و کاریگەری کۆتبەندی ئایینی لە مەزراندن و داڕشتنی ڕوخساری پەندی پێشینان و چۆنیەتی ڕۆچوونی کۆتبەندەکان لە ناوەڕۆك و واتا و مەبەستەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی خراوەتەڕوو، لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێك ئاماژە بە ئەنجامەکانی توێژینەوە کراوە دواتر ئەو سەرچاوانەی لە توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە نووسراون، لەگەڵ خستنەڕووی پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## بەشی یەکەم: پەندی پێشینانی کورد( چەمك و تایبەتمەندی )

پەندی پێشینان لەلایەن توێژەر و پسپۆرانی تایبەت بەم بوارە لە ڕوانگەی زاراوە و شێوازی داڕشتن و دەربڕین و بونیاتی زمانی و واتا بەمجۆرە چەمکەکەی ڕوونکراوەتەوە:

((پەند)) بە مەعنا ئامۆژگاری.((پێشینان)) یەعنی ڕابوردوان. پەندی کوردی لە چەند وشەیەکی کەم پێکهاتوون و ڕستەی پەندەکە پێکدێنن، ئەم وشانە لە جەوهەری زمانەکەن و زمانە پەتییەکە پیشان ئەدەن.(عەلائەدین سەجادی: ١٤٩).

واتا پەندی کوردی لە ڕووی فۆرمەوە کورتن و وشە و پێکهاتەکانی پەتیین.

- **(د. عیزەددین مستەفا ڕەسول)** دەڵێت:((ڕستە وتەیەکی کورتە مانایەکی فراوان و قووڵی تیایە، زۆرجار ڕاستە و ڕاست ئەنجام ئەدات بە دەستەوە یان یەکسەر مانا نادات بەدەستەوە ئەبێ لە قسەکە ورد بیتەوە و بگەیتە مەبەست)) (د. عیزەدین:٨٧)، واتا پەندی پێشینان لە ڕووی چەندییەتییەوە قەبارەکەی کورتە و لە ڕووی واتاوە قووڵەوە و مەرجیش نییە گوێگر(خوێنەر) ڕاستەوخۆ لە واتاکەی بگات، بەڵکو دەبێت پەنا بباتە بەر کۆدە زمنییەکان و ئەو واتا و مەبەستە شاراوانە بدۆزێتەوە، کە لە پشت وشەکاندا حەشار دراون.

بۆ نموونە: لە م پەندانەی خوارەوەدا:

- **پەتی درۆ کورتە.** (زەکیە:٦٥)
- **تفەنگ بە تاریکییەوە ئەنێت.** (خاڵ: ١٣٨)
- **دار کە لار بوو، سێبەریشی لارە.** (خاڵ: ١٨١)

پەندەکان کورتن و لە ڕستەیەك پێکهاتوون، پەندی یەکەم ڕاستەوخۆ واتا دەدات بە دەستەوە، بەڵام پەندەکانی تر جگە لە واتای سەرەوە لە ئاستی ژێرەوەرشدا هەڵگری واتای قووڵ و فراوانی ترن، تەنانەت زۆر جار پەندێك زیاتر لە چەند لێکدانەوە و واتای جیاوازیش لە خۆ دەگرێت. پەندی یەکەم مەبەستی ئەوەیە، کە کەسێك بە بێ هەبوونی شارەزایی و بەڵگە و بەرچاوڕوونی قسە لە بابەتێکدا دەکات و بڕیار دەدات. پەندی دووەمیش واتا قووڵەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە کەسێك لە ڕێی ڕاست لایدا و خراپ بوو، منداڵەکانی یان ئەوانەی لە ژێردەستی ئەویش پێدەگەن و پەروەردە دەبن، وەکو خۆی دەردەچن.

- **(د. شکریە ڕەسول)** لە کتێبی(ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی) پێناسەیەکی(م. پیرۆ ڕۆندۆ)ی لە بارەی پەندی پێشینان هێناوەتەوە، کە دەڵێت:((قسەی پێشینانی کورد، وەك نوکتەیەك...، ئەم قسەی پێشینانە یەك ڕستە دوو ڕستەیە. کورت و مەعنادارە ئاواز و ئاهەنگدارە، گەلێکی بە شێوەی چیرۆك و سەرگوزەشتە پیشان ئەدات))( د. شوکریە ڕەسول:١٥)

ئـەم سیمایانەی لـەم پێناسـەیەش ئاماژەیـان پێکـراوە لـە هەنـدێك پەنـدی پیشینانی کـوردا بوونییـان هەیـە بـۆ نموونـە:

- **دڵ و دڵخواز، ئەبێ بە نان و پیاز.** (خاڵ: ٢٠٥)
- **ژن بدە بە ژن مردوو، گا بدە بە گا مردوو.** (خاڵ: ٢٣٥)
- **قسە کەوتە زارێ، ئەکەوێتە شارێ.** (خاڵ: ٢٨٦)

پەندی یەکەم لە ڕستەیەك و پەندی دووەم و سێیەم لە دوو ڕستە پێکهاتوون، ئاواز و ئاهەنگێکیان هەیە بە هۆی دووبارەبوونەوەی چەند پیت و وشەیەك، واتایەکیان هەڵگرتووە و هەریەکەیان چیرۆکێکی لە پشتەوەیە.

- (کەریم مستەفا شارەزا) دەڵێت: پەندی پێشینان دەربڕینێکی کورت و پوخت و ڕێك و پێکە، واتـایێکی قـووڵ و فراوانی هەیە)).(کەریم شارەزا: ١٤٣). ئەم پێناسەیەش ئاماژە بەوە دەکات، کە پەندی پێشینان خـاوەن فـۆڕمێکی کورتە، بەڵام واتا و مەبەستێکی فراوان لەخۆ دەگرێت.

## تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینانی کورد

ئێمـە دەتـوانین لـە سـۆنگەی ئـەو پێناسـانەی لـە سـەرەوە خسـتماننەڕوو، گـرنگترین و دیـارترین ئـەو تایبەتمەندی و سیما و خسڵەتانەی لە پەندی پێشینانی کورد دا بوونیان هەیە ئاماژەیان پێ بکەین:

**یەکەم: لە ڕووی ڕوخسارەوە**

پەندی پێشینانی کورد وەك هەر ژانر و دەقێکی ئەدەبی تر لـە ڕووی ڕوخسـارەوە خـاوەن چـەند سـیمایەکی دیاریکراوی خۆیەتی، هەر ئەو سیمایانەش بوونەتە هۆکاری جیاکردنـەوەی لـە بەشـەکانی تـری ئـەدەبی فۆلکلۆر تایبەتمەندییەکانیش بریتیین لە:

**١- کورتی و پوختی لە فۆرم و داڕشتندا:** کە زۆربەی جار لە چوارچێوەی یەك ڕستەدا خۆی دەبینێتەوە، هەندێك پەندیش درێژترن و لە ڕستەیەك زیاتر پێکهاتوون، واتـا: لـە ڕسـتەی لێکـدراو یـان تێکـەڵ پێکهاتوون(عبـدالباقی اکرام: ٣٢ – ٣٣)، بەڵام درێژی فۆڕمی پەند لەم سنوورە تێناپەڕێت.

وەك: **ئاسنی سارد مەکوتەوە.** (حەمید ڕەشاش: ١٢)

**قسەی حق ڕەقە.** (زەکیە ڕەشید: ٢٢١)

هەردووك پەندەکە لە تاکە ڕستەیەکی کورت پێکهاتوون.

**کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە.** (خاڵ: ٣٠٣)

پەندەکە لە دوو ڕستەی لێکدراو پێکهاتووە.

**گەر لە بێشە شێر نەما، گورگ و مام ڕێوی ئەکەونە سەما.** (خاڵ: ٣٢٦)

پەندەکە ڕستەیەکی تێکەڵە و لە شاڕستە و پاڕستە پێکهاتووە.

**٢- زمان:** پەند خاوەن زمانێکی تایبەتی خۆیەتی و هەمان زمانە گشتییەکەی ناو کۆمەڵگایە؛ چونکە قسەی سـەر زاری خـەڵکی ئاسـایین، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە پێـی سروشـتی زمـانی کـوردی پـڕن لـە هونـەرەکانی ڕەوانبێژی(بـەکر کـانی هـەمزەیی: ٨ – ٩)؛ بۆیـە زۆربـەی هونـەرەکانی وەك دژیـەك و لێکچـواندن و خـوازە و خواستن..هتد لە پەندەکاندا بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە:

**چە ئاو هەڵە هەڵ مەترسە... چە ئاو مەن بتەرسە** (هەردەوێڵ کاکەیی:٩٤)

مەترسە و بترسە دوو وشەی دژیەکن، دژیەکیش یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

**ساتێك بژی و شێر بی، نەك سەد ساڵ و لە ژێر بی.** (خاڵ: ٢٣٩)

وشەکانی شێر و ژێر ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودان.

**پەیایێ خراب دبێژە((ئەز لاوکم))گایێ خراب دەبێژە((ئەز گۆلکم))** (قەناتی کوردۆ:٢٢٧)

دەبێژە: وشەیەکی خوازراوە و بۆ گا بەکارهاتووە؛ چونکە گا قسە ناکات.

**ئەڵێی پشیلەی چاو نەپشکووتووە، ماڵە و ماڵی پێ ئەکەن.**(خاڵ: ٣٨)

پەندەکە لێکچواندنی تێدایە تەنیا سێ لە بنەماکانی(لەوچوو و ئەوزار و ڕووی لێکچواندن)دەرکەوتوون و لێ چوو: بوونی نیە و لەوچوو: پشیلە یە و ئەوزار: ئەڵێی، ڕووی لێکچواندنیش: ماڵەو ماڵ پێکردنە.

**٣- ریتم و ئاواز:** بەشێك لە پەندی پێشینانی کورد خاوەن ریتم و ئاواز و ئاهەنگن،(ئەمەش لە ئاکامی هارمۆنیەتی وشەکان و گونجانیان لە ڕستەدا، یان لە ڕێگەی سەروا و وەستانەوە جۆرە مۆسیقایەك بە پەندەکە دەبەخشن.(عبدالباقی اکرام:١٣) بۆ نموونە:

**شویم نەکەردەن پەی پینە و پەڕۆ.** (هەردەوێڵ کاکەیی:١٦٦)

دووبارەکردنەوی دەنگی(پ) لە وشەکانی کۆتایی پەندەکە جۆرە مۆسیقایەکیان بەرهەمهێناوە.

((زۆر جاریش پەندی پێشینان هۆنراوە نییە، بەڵام دوو بەشە و کۆتایشیان بە "سەجعێکی" یەك قافیە دێتەوە))(د. عیزەدین :٨٨) وەك:

**کابان، یا بێ بەشە، یا ڕووڕەشە.** خاڵ(٢٩٣)

وشەکانی (بێ بەشە، ڕووڕەشە) وشەی سەروادارن و شوێنی وەستانن؛ بۆیە جۆرە ئاوازێکیان دروست کردووە.

**کەن ژ دلێ گەش دێ، باران ژ عەورێ ڕەش دێ.** (قەناتی کوردۆ:٢٤٢)

گەش و ڕەش وشەی سەروان و دێ پاش سەروادارن؛ بۆیە پەندەکە خاوەن مۆسیقایەکی پتەوە.

**تا پیرێ ئەمرێ، هەزار جوان ئەمرێ.** (خاڵ: ١٢٨)

وشەی ئەمرێ دوو جار دووبارە بۆتەوە؛ بۆیە ریتمی بە پەندەکە بەخشیووە.

**دووەم: لە ڕووی واتا و ناوەڕۆکەوە**

پەندی پێشینانی کورد لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، چەندین بابەتی هەمەلایەن و فرەچەشن لەخۆ دەگرن لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ڕەوشت و داب و نەریت و چۆنیەتی و قۆناغەکانی گۆڕان و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵگای کوردی؛ بۆیە ( ئەریستۆڤای) ژنە نووسەری سۆڤیەتی دەڵێ:((ژیری و هۆشیارییەکی گەورە لە حیکایەتی ناو خەڵك و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا دەردەکەوێت، لە وێدا وێنەی مێژوو، ڕەوشت و عاداتی گەلی کورد ڕوون و دیارە.))(لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی: ٩٩)، بۆ نموونە:

**بەتالی خراب مالی.** (قەناتی کوردۆ: ٢٢٦)

پەندەکە لەڕوانگەیەکی ئابوورییانەوە هانی کارکردن دەدات؛ چونکە ئەوەی کار نەکات ماڵی وێرانە.

**گەورە ئاوی دەرێژی گچکەش پێ لێ دەخشێنێ.** (حەمید ڕەشاش:١٦٦)

پەندەکە هەڵگری ڕەهەندێکی پەروەردەییە؛ چونکە لاسایکردنەوە یەکێکە لەو لایەنانەی، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پەروەردە و بە تایبەتیش منداڵدا هەیە؛ بۆیە هەرکاتێك گەورە و لێپرسراو شتێکی خراپ بکات ئەوا بچووك و بەردەستەکانیشی لەسەر هەمان ڕێڕەو دەڕۆن.

**لەشکر وە سوارێ مەشکیۆ، وە سوارێش سەرمەکەفۆ.** (هەردەوێڵ کاکەیی:٢١١)

پەندەکە جەخت لەسەر یەکگرتن و یەکڕیزی دەکاتەوە، کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگی کاری سیاسی و پێکەوە ژیانی خێزان و کۆمەڵگایە.

**برامان برایی، کیسەمان جیایی.** (خاڵ: ٩٦)

ئەم پەندەش گرنگی بە هەبوونی ژێرخان و ئابوورییەکی سەربەخۆ دەکات، کە هەرچەندە لەیەکتریشەوە نزیک بن، بەڵام پێویستە داهات و پارە و پوولتان لەیەك جیا بێت.

**ژنێ مێردە کردی سەنگی؛ عالەم هەڵسێ نایکا لەنگی.** (خاڵ: ٢٣٦)

پەندەکە لە سۆنگەیەکی کۆمەڵناسییانەوە ڕوانیویەتییە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد، کە بناغەی بەختەوەری کۆمەڵگا بەستراوە بە ئەوان؛ بۆیە پێویستە ڕێز و خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبێت.

پەندی کوردی لەگەڵ ئەوەی خاوەن فەلسەفە و بیر و تێڕامانی قووڵی لە خۆیدا هەڵگرتووە؛ بەڵام زۆر پەندیش هەیە، کە پێچەوانەی ماف و بەها مرۆڤایەتییەکانن، هۆکاری ئەو پەندانەی بەم شێوەیە گوتراون، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی بیری دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردی بن لە هەندێك لایەنەوە لەو سەردەمانەوە یان زاڵبوونی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە نادروستەکان بووبن، بۆ نموونە:

**شەڕ ژ بێکارییێ چێترە.** (قوناتی کوردۆ: ٢٤٠)

بێکاری ئەگەر نادروستیش بێت، بەڵام شەڕ باشتر نییە.

**ژن و ماڵیان وتووە.** (خاڵ:٢٣٦)

ئەم پەندەش کەمکردنەوەی توانای ئافرەتە و هاندان و سەیرکردنییەتی بە بێ توانایی و سنووردارکردنی ئەرك و مافیەتی لە چوارچێوەی ماڵدا.

**ئەگەر چوویە شاری کوێران دەبێ دەست بە چاوی خۆت بگری.** (حەمید ڕەشاش:٢٤)

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی پەروەردەییەوە بۆ ئەم پەندە بڕوانین، بۆچوونێکی هەڵەیە؛ چونکە ناکرێت مرۆڤ ئەگەر لە شوێن بوو نەخوێندەوار و دواکەوتوو و نەزان بوون ئەویش لەسەر هەمان ڕێچکەی نەزانی و تاریکی بڕوات، بەڵکو دەبێت ڕێگایان بۆ ڕۆشنکاتەوە و ببێتە ڕابەر و پێشەنگیان.

ئەمانەی باسمان کردن خستەڕووی ئەو لایەنانە بوون، کە لە ناوەڕۆکی پەندی پێشینانی کورددا ڕەنگییان داوەتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو وەك: دەقێکی ئەدەبی و لە ڕوانگەی زانستی واتاسازی بە هەردوو بەشی(سیمانتیك و پراگماتیك) لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ دەقی پەندی پێشینانی کورد بکەین، دەبینین کە:

١- هەندێك پەند((ڕاستە و ڕاست ئەنجامێك دەدات بە دەستەوە))(د.عیزەدین: ٨٧)، واتا: خوێنەر و گوێگرە دەق بێ وردبوونەوە و لە واتای وشە و پێکهاتەکانی پەندەکە لە واتاکەی تێدەگەن و وشە و دەستەواژەکان بە هەمان واتای ڕاستەوخۆ و فەرهەنگی خۆیان بەکارهاتوون، بۆ نموونە:

**سەبر تاڵە و بەری شیرینە.** (خاڵ: ٢٤٠)

**ژنی بەد ژانە، گەر خۆتی لێدەیت ماڵت وێرانە.** (خاڵ: ٢٣٦)

**درۆزن دوژمن خوان.** (هەردەوێڵ کاکەیی: ١٣٢)

**کەس چە دەردی کەس نمەزانۆ.** (هەردەوێڵ کاکەیی:١٩١)

ئەم پەندانە واتاکەیان ڕوون و دیارە و هەرکەسێك بیانبیستێت ڕاستەوخۆ لێیان تێدەگات.

٢- هەندێك پەند ڕاستەوخۆ واتا نادەن بە دەستەوە، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی بە گشتی و هەبوونی شیعرییەت، هەروەك(ڕۆمان یاکۆبسن) لە تیورەکە بەناوبانگەکەیدا لەبارەی (ئەرکەکانی زمان) ئاماژەی پێکردووە و پێی وایە، کە تێگەیشتن لە واتای دەق لەسەر هەر سێ بنەماکانی (نێرەر- دەق -

وەرگـر) وەسـتاوە، بـوونی کـەناڵێکی پەیوەنـدی بـە گـرنگ دەزانێـت لـە نێـوان نێـرەر و وەرگـردا؛ بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگەیەوە پەیامەکە بە وەرگر بگات و وشە و ڕستەکانی پەیامەکە بە پێی سیاقەکە هـەڵگری مانـا و مەبەسـتێك بن و وەرگر بە هۆی کۆدە زمانییەکان بتوانێت واتاکە لێکداتـەوە و تێیـان بگـات، هـەروەك لـەم خشـتەیە ڕوون کراوەتەوە(رومان یاکوبسن: ٢٧)

سیاق

نێرەر(نووسەر، شاعیر) ــــــــــــ پەیـــــام ــــــــــــ وەرگر(بیسەر، خوێنەر)

پەیوەندی

کـــــــۆد

واتا: مەبەستی ئەوەیە کاتێك قسەکەر(نووسەر، شاعیر) پەیامێك ئاڕاستەی(گوێگر، خوێنەر) دەکات پێویسـتی بـە کەناڵێکی گەیاندن هەیە، بۆ گواستنەوە و گەیاندنی پەیامەکەی و دەبێت پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبێت، بە گـوێرەی نـاوەڕۆکی ئـەو پەیامـەی دەیـەوێت بیگـەیێنێت، بـەڵام کاتێـك گـوێگر ڕاسـتەوخۆ لـە واتـای پەیامەکـە نەگەیشت، دەبێت بە پێی سیاقی گووتنەکە واتا شاراوەکانی پشت ئەو کۆدە زمانییانە بدۆزێتەوە، بۆئەوەی لێیان تێبگات. فۆلکلۆرناسـێك لـەم سـۆنگەیەوە پێـی وایـە: ئـەگـەر دەقـە نووسـراوەکان تاڕادەیـەك واتـا و شـیکردنەوە و لێکداوەکانیان جێگر بن، ئەوا واتای دەقە فۆلکلۆرییەکان بە پێچەوانەوە چەق بەستوو و جـێگیر نـین و هەمیشـە لە گۆڕانکاریدان( د. احمد علی: ١٠١). بۆیە دەبینین پەندی پێشینانی کـورد زۆربـەی جار پێویسـتی بەوەیـە، کـە گوێگر لە ڕوانگەیەکی پراگماتیکی لێکدانەوەی بۆ بکات بۆ ئەوەی واتاکەی بزانێت؛ چونکە وشە و پێکهاتەکان بە واتایەکی جیاواز لە واتا فەرهەنگییەکەی خۆیان بـەکارهاتوون و واتـا و مەبەسـتێکی قـووڵتر و جیاوازیـان لەگـەڵ خۆیان هەڵگرتووە بۆ نموونە:

کاتێك لە ناو کۆمەڵێك کەسدا بە خراپی یان شێوەیەکی نەشیاو باسی کەسێکی گـەورە و نـاودار بکرێـت، یـەکێك دەڵێت:

**تیشکی ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێ.** (خاڵ: ١٤٣)

لێرەدا گوێگرەکان بە پێی ئەو سیاقەی، کە پەندەکەی تێدا دەگووترێت لە واتای پراگماتیکی پەندەکە تێدەگەن و مەبەستەکە دەزانن.

کاتێك لە شارێك یان وڵاتێك بارودۆخی ئاسایش ناتەواو بێت و شەڕوشۆڕی تێدابێت، یەکێك کەسێکی ئەو شوێنە دەبینێت دەپرسێ بارودۆخ چۆنە؟ لە وەڵامدا دەڵێت:

**گورگ و مەڕ پێکەوە ئاوی دەخۆنەوە.** (حەمید ڕەشاش: ١٦٠)

گوێگر یەکسەر وەڵامەکەی دەست دەکەوێت و بە لێکدانەوەی پراگماتیکی لـە واتـای پەندەکـە تێـدەگات؛ چـونکە گورگ و مەڕ بە واتای فەرهـەنگی بەکارنـەهاتوون بـەڵکو مەبەسـت لـە دۆسـت و دوژمنـە، ئـەوە دەگـەیێنێت، کـە بارودۆخ زۆر باشە.

ئەگەر یەکێك بیەوێت کارێك بە نهێنی بکات یان نهێنییەك لە کەسێك بشارێتەوە یان پرسیارێکی لێبکات، لـە کاتێکدا خۆی ئەو شتە دەزانێت، تەنیا بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی بەرامبەر بێت یان وا خۆی نیشان بدات، کە ئاگای لەو زانیاریی و بابەتە نییە، ئەوەی بەرامبەر پێی دەڵێت:

**ئەو خورمایەی تۆ خواردووتە، ناوکەکەی لە گیرفانی مندایە.** (زەکیە: ١٩)

واتا: لێرەدا بە گوێرەی سیاقی گوتن و پشت بەستن بە بنەمای پراگماتیکی واتای پەندەکە ڕوون دەبێتەوە؛ چونکە خورما و ناوکەکەی بە واتای فەرهەنگی بەکارنەهاتوون؛ بۆیە گوێگر کۆدە شاراوەکە دەدۆزێتەوە بۆ تێگەیشتن لە واتاکە.

ئەو کەسانەی لە ئەنجامی دیارنەمان و ئامادەنەبوونی بەرپرس و سەرۆك و سەرپەرشتیار، بە ئازادی خۆیان هەڵسوکەوت دەکن، کە پێشتر نەیانتوانیووە بەو شێوەیە بن، ئەگەر کەسانێك باسیان بکەن یان بیانبینن و ئەو پەندە بڵێن:

**پشیك نە ل مالە، داوەتا مشکانە.** (قەناتی کوردۆ: ٢٢٧)

ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی لێکدانەوەی واتای پراگماتیکی پەندەکە گوێگر تێدەگات، کە هۆکاری ئەو ئازادی و شێوازە کارانەیان ئەوەیە ئەو کەسەی گەرەیان بووە و لێی ترساون و ئێستا ئامادەنییە.

٣- زمانی خوازەیی بنچینەیەکی تری دیاریکردن و لێکدانەوەی واتای پەندە، هەروەك یەکێك لە تیۆرەکانی لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتای دەقی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان تیۆری(خواستن)ە، کە فۆلکلۆرناسان پێیان وایە، خواستن یەکێکە لەو هونەر و میکانزمانەی لە دەقە فۆلکلۆرییەکان زۆر بەکارهاتووە.(یوری سوکولوف: ٩٢)؛ بۆیە پەندی پێشینانی کوردیش وەك بەشێکی گرنگی فۆلکلۆر خاوەن زمانێکی خواستراوە، بە تایبەتیش ئەو پەندانەی ڕاستەوخۆ واتا نادەن بە دەستەوە، بۆ نموونە:

**ڕێوی دەرەوە و شێری ماڵە.** (زەکیە: ١٦٩)

ڕێوی ناوێکی خواستراوە و بۆ مرۆڤی ترسنۆك، شێریش ناوێکی خواستراوە بۆ کەسانی ئازا بەکارهاتوون.

**جام ئەڵێ بشکێم و نەزرنگێم.** (خاڵ: ١٤٥)

جام خواستراوە بۆ مرۆڤ، واتا مرۆڤ مردنی پێ باشترە لە بەدناوی.

**ئی هەمیرە ئاو فرەمەکێشۆ.** (هەردەوێڵ کاکەیی:٤٧)

هەویر ناوێکی خواستراوە بۆ ئاڵۆزی و گرێ کوێرەی زۆر لە ئیش و کێشە و بابەتێکدا.

## بەشی دووەم: کۆتبەندی ئایینی لە داڕشتنی پەندی پێشینانی کوردیدا

### - پەندی پێشینان و پەیوەندی بە ئایینەوە

توێژەرانی بواری فۆلکلۆر بە گشتی و پەندی پێشینانی کورد بە تایبەتی، درکیان بەوە کردووە، کە پەیوەندییەکی پتە و نزیك لە نێوان ئایین و پەندی پێشناندا هەیە، بۆ نموونە: (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) لەم بارەیەوە نوسیوویەتی:((پەندی پێشینان بە تەواوی شەقڵی دەوری موسڵمانبوونی بە ڕۆشنی پێوە دیارە.))(د.عیزەدین: ٩٩)، بەڵام تا ئێستا لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی باس لەم لایەنە نەکراوە.

ئایین لەبەرئەوەی لە واقیعی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا ڕۆژانە کاری پێدەکرێت و قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری(د.خ) لێوان لێون لە ڕەسەنایەتی و چیرۆکی واقیعی و خاوەن زمانێکی ئیستاتیکی ئامێزی بەرزن، دەبینین ئەم کۆتبەندە ئایینییە بە ئاشکرا لەسەر پەندی پێشیناندا دەردەکەوێت.((ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەری ئامانجەکانی شەریعەت لەسەر بیر و هۆشی باو و باپیرانمان))( تۆفیق حەکیم: ٣٥)؛ بۆ نموونە: ئەگەر لەم پەندانەی خوارەوە وردبینەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)یان پێوە دیارە:

**تا عیلاجی حەرام حەلال ئەکا.** (خاڵ:٣٩٨)

ڕاستەوخۆ واتای ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز دەگەیێنێت {إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ} ﴿النحل : ١١٥﴾ واتا: گۆشتی مردارەوەبوو و گۆشتێکی بە ناشەرعی سەربڕاو و گۆشتی بەراز حەرام کراوە لەسەر تان، بەڵام ئەگەر هیچ شتێکتان دەست نەکەوت بۆ خواردن و بۆ خۆ ڕزگارکردن لە مردن دەتوانن بیخۆن.

**هەتا تاڵی نەبینیت، خۆشی نابینیت.** (خاڵ: ٤٢٦)

**لە پاش تەنگانە فەرحانییە.** (خاڵ: ٣٤٧)

لە قورئانی پیرۆزداهاتووە،{ فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا (٥) إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا (٦) ﴿الشرح : ١ - ٨﴾ لەگەڵ هەموو ناخۆشییە(قورسییەك) خۆشییەك(ئاسانییەك) دێت، بە هەمان شێوەی ئایەتەکە ناخۆشی و لە پێشتر هاتووە ئینجا خۆشی.

**تا وتم بسم الله وتی الحمدلله.** (زەکیە: ٨١)

بسم الله و الحمدلله دوو دەستەواژەی ئایینین لە پەندەکە دەرکەوتوون.

**مزگەوت ڕووخایە میحرابی مایە.** (حەمید ڕەشاش: ١٩١)

مزگەوت و میحراب دوو زاراوەی ئایینی ئیسلامن و لە داڕشتنی پەندەکە بەکارهێنراون.

لەم نموونانەی سەرەوەدا کۆتبەندە ئایینییەکان بە بێ جیاوازی لە شێوازی دەرەوە - زمان - و ناوەڕۆك — مەبەست - و واتای پەندەکان دەردەکەوێت، واتا پەیوەست نییە بە لایەن و بەشێك؛ بۆیە لەم سۆنگەیەوە دەتوانین کۆتبەندە ئایینییەکە دابەش بکەین:

## یەکەم: کۆتبەندی ئایینی و مەزراندنی لە ڕوخساری پەندی پێشیناندا

لێرەدا تەنیا جەخت لەسەر بونیاتی زمان و پێکهاتی وشە و فرێزەکانی پەندەکە دەکرێت، واتا: چۆنیەتی گوتن لەبەرچاو دەگیرێت نەك چی گوتن؛ چونکە چەندین پەندی پێشینان لە داڕشتنی وشە و پێکهاتە زمانییەکانیاندا ڕاستەوخۆ سوود لە ئایین وەرگیراوە و ئەو وشە و ناو و ڕەگەزە زمانییانەی پەندەکەیان لێ پێکهاتووە، هەڵقووڵاوی ئایینی ئیسلامن، واتا ئەو وشانەی لە پێکهاتی پەندەکان بەکارهێنراون ڕاستەوخۆ لە کێڵگە وشەییەکانی سەر بەم ئایینە وەرگیراون وەك:

**بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە.** خاڵ٧١

(موحەمەد)(د.خ) پێغەمبەری ئیسلامە و ناوەکەی لە پەندەکە مەرزێنراوە.

**ئومێدمان بە وەیس بوو، وەیسیش بە سوننی دەرچوو.** خاڵ ٦٤

داڕشتنی پەندەکە ناوی(وەیسی قەرەنی) لە خۆ گرتووە، کە یەکێك بووە لەوانەی بە خزمەت هاوڕێیانی پێغەمبەر گەیشتووە، دیارە لە سەردەمانێکدا شیعەکان وەك پیاو چاکێکی شیعی سەردانی مەزارگەکەیان کردووە دوایی بۆیان دەرکەوتووە، کە سوننی بووە.

**بارێ قورئان بنێن لە کەرێ، بیبەنە مەککە و بیهێننەوە هەر کەرە.** (خاڵ:٦٩)

**قورئان ئەفرۆشێ، ئەدرێ بە نان.** (خاڵ: ٢٩١)

**قورئانی دا بە تەمورە.** (خاڵ: ٢٩١)

قورئان کتێبی پیرۆزی دوایین پێغەمبەری ئیسلامە و ڕووگەی موسڵمانانیش دەکەوێتە شاری مەککە؛ بۆیە بە شوێنێکی پیرۆز دادەنرێت، لە داڕشتنی پەندەکە ڕاستەوخۆ کۆتبەندییەکە دیارە.

**بەر لە مەلا ئەچێتە مزگەوت.** (خاڵ: ٨٩)

دیارە کە مەلا و مزگەت دوو ناون لە ئایینەوە وەرگیراون.

**لەو محەمەدانە نییە کە سڵاواتی لێ بدرێ.** (خاڵ:٣٦٥)

ناوی محەمەد و سەڵاوات لێدان لە ئایینەوە وەرگیراون.

**بوو، بەو کوردەی لە هەردوو جەژنان بوو.** (خاڵ:١٠٣)

پەندەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا کۆتبەندی ئایینی لە داڕشتنەکەیدا دیارە، لە ئیسلامدا تەنیا دوو جەژنی ئایینی هەیە(جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان)؛ چونکە کورد چەندین جەژنی نەتەوەیی و نیشتیمانی تری هەیە لە پاڵ ئەم دوو جەژنە.

**بۆ حوسێن ناگری، بۆ هەریسە ئەگری.** (خاڵ:١٠٧)

وشەکانی حوسێن و هەریسە لە پەندەکەدا بوونیان هەیە، کە پاشخانێکی ئایینی ڕێبازی شیعەیان هەیە.

**بیسم الله کردن، کاری کەم چیزییە.** (خاڵ: ١١١)

هێنانی ناوی خوای گەورە لە دەستپێکی هەموو کارێکدا سوننەتێکی پێغەمبەرمانە.

**بێوەژن بە تەمای مارەیی نەبوو، داوای هەشتییەکی ئەکرد.** خاڵ١١٢

ئەم پەندەش لە داڕشتنیدا سوود لە چەند وشەیەکی قورئان وەرگیراوە، کە ئەویش مارەیی و هەشتییەکییە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموویێت: { **فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم** } ﴿النساء : ١٢﴾واتا: ئەگەر ئێوە منداڵتان هەبوو ئەوە هەشتییەك بۆ ژنەکە دەبێت، لەوەی کە بە میراتی لێتان بە جێماوە.

**چاکە ئیستیخارەی ناوێ.** (خاڵ: ١٥٢)

(ئیستیخارە) ناوی یەکێك لە نوێژەکانە، کە تایبەتمەندی و مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە.

**چاو بە چاو ئەکەوێت و ڕوو بە ڕوو.** (خاڵ: ١٥٢)

پەندەکە لەداڕشتنیدا سوود لەم ئایەتە وەرگیراوە {**وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنفَ بِالْأَنفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ**} ﴿المائدە : ٤٥﴾ واتا: لە تەوراتدا پێویستمان کرد لەسەریان، کە بە ڕاستی هەرگەسێك کەسێك بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە و ئەوەی یەکێك کوێر بکات دەبێت چاوی کوێر بکرێتەوە و لووتی یەکێك عەیبدار کات دەبێت لووتی عەیبدار بکرێتەوە کوێ یەکێك ببڕێت دەبێت گوێی ببڕدرێتەوە و ددانی یەکێك بشکێنێت دەبێت ددانی بشکێندرێتەوە و برین و زامەکانیش هەروەها.

**حاجی، حاجی لە مەککە ئەبینێ.** (خاڵ: ١٥٩)

حەجکردن یەکێکە لە فەرزەکانی ئایینی ئیسلام ئەو کەسەی دەچێتە ئەم شوێنەش پێیدەڵێن حاجی.

**دەستی دوانزە ئیمامی بڕیوە، بە شوێن چواردە مەعصوما ئەگەڕێ.** (خاڵ: ١٩٤)

دوانزە ئیمام و چواردە مەعصوم زاراوەی ئایینی تایبەت بە ڕێبازی شیعەن.

**زوئەلفەقار بۆ هەموو عەلی ناوێ نەهاتووە.**٢٣٣ خاڵ

زوئەلفەقار ناوی شمشێرەکەی ئیمامی عەلییە، کە یەکێك بووە لە چوار یارەکەی پێغەمبەر(د.خ).

**لە قل هو الله ساتمە ئەکا.** خاڵ٣٥٧.

(قل هو الله) یەکێکە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز {**قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ**}﴿الإخلاص : ١﴾.

## بەشی دووەم: کۆتبەندی ئایینی لە داڕشتنی ناوەڕۆکی پەندی پێشیناندا

لەم بەشەدا زیاتر جەخت لەسەر کۆتبەندی ئایینی دەکەینەوە لە چۆنیەتی داڕشتنی واتا و ناوەڕۆك و مەبەستەکانی پەندی پێشیناندا، واتا چی گوتن لەبەرچاو دەگیرێت نەك چۆن گوتن؛ بۆیە دەبینین هەندێ لەو بنەما و ئامۆژگاری و ڕەهەندە ئایینی و بەها ڕەوشتی و مرۆییانەی، کە ئایینی ئیسلام باسی کردوون کاریگەرییان هەبووە لە سەر هزر و تێڕامانی پێشینانمان و بەمەش لە داڕشتنی واتا و کرۆکی پەندەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، وەك:

**بە چ عەیارەیەك بپێوریێت، بەو عەیارە بۆت ئەپێونەوە.** (خالَ:٨٢)

لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە لە چەندین شوێن باسی لە عەیارە و کێشی کارە چاك و خراپەکان کردووە، وەك دەفەرموویێت: { **فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (٧) وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ** (٨)} ﴿الزلزلە : ١ - ٨﴾ واتا:ئەوەی بە قەد سەنگی گەردیلەیەك چاکەی ئەنجامدابێت دەیبینێتەوە، ئەوەی بە قەد سەنگی گردیلەیەکیش خراپەی کردبێت دەیبینێتەوە.

**دنیا بەهەشتی بڵحانە، گاهی بخۆ، ڕاهی برۆ.** (خالَ:٢٠٦)

**دنیا بەهەشتی کەرانە.** (خالَ: ٢٠٦)

ڕاستەوخۆ لە ژێر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ) داڕێژراون، کە دەفەرموویێت: ((الدنيا سجن المؤمن وجنة الكافر)) رواه مسلم. واتا: دونیا بەندیخانەی باوەڕدار و بەهەشتی بێ باوەڕانە.

**بە تایەکی، نۆزدە ڕەمەزانان ئەخوات.** (خالَ:٨٧)

بەڕۆژووبوون یەکێکە لە پێنج بنەماکانی ئایینی ئیسلام و خوای گەورە مانگی ڕەمەزانی بۆ ئەم پەرستنە دەست نیشانکردووە بە کۆمەڵێك یاسا و مەرجی تایبەت بە خۆیەوە؛ بۆیە لە داڕشتنی پەندەکە سوود لەمە وەرگیراوە وەك: خوای گەورە دەفەرموویێت: {**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ**} ﴿البقرە : ١٨٣-١٨٤﴾واتا:ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزگاری بکەن. چەند ڕۆژێکی ژمێردراوی دیاریکراوە، بەڵام ئەگەر کەسێك لە ئێوە نەخۆش بوو یان لە سەفەردا بوو دەتوانێت لە ڕۆژێکی تردا ڕۆژووەکەی بگرێتەوە، واتای پەندەکە ئەوەدەگەیێنێت ئەو کەسانەی باوەڕییان بەم فەرزە نییە بە هۆکارێکی زۆر بچووك یان نەخۆشییەکی سووك ڕۆژووەکانیان دەخۆن.

دیارترین ئەم بەها مرۆییانەی، کە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام باسیا لێوەکراوە و جەختیان لەسەر کراوەتەوە، دەبینین لە پەندی پێشینانی کوردیشدا بوونیان هەیە، جا ئەگەر لە ژێر کاریگەری دەستور و یاساکانی ئیسلامیش نەگووترابن یان ئایینەکانی پێش ئیسلامیش باسیان لێوە کردبن، ئەوا خاڵی هاوبەش لێرەدا ئەوەیە، کە پێشینانیش خاوەن هەمان تێڕوانین بوونە. بۆ نموونە:

١- **یەکگرتن**: خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت: {**إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ**} ﴿الحجرات : ١٠﴾واتا: موسوڵمانان برای یەکترن و ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانیان چاکسازی و ئاشتەوایی لە نێوانیاندا بکەن و هەمیشە لە خوا بترسن و پارێزکار بن بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بکات. لە پەندی پێشینانیشدا جەخت لە سەر پێویستی و گرنگی برایەتی و یەکگرتن کراوە و نەوەکانیان هانداوە لەسەر گرنگی پێویستی یەکگرتن وەك:

**برا چە پشت برا بۆ مەگەر قەزا چە لای خوا بۆ.** (هەردەوێڵ کاکەیی: ٦١)

**واتا:** ئەوانەی یەکتر دەگرن مەگر قەزایەك لە لایەن خوداوە بێت، ئەگینا هەر سەرکەوتوون.

**پشتی یەکتری، نادەن لە زەوی.** (خاڵ: ١١٦)

وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە یەکدەگرن و پشت لە یەکتر ناکەن.

**دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ.** (خاڵ: ١٨١)

ئەمەش مرۆڤ هاندەدات بۆ یەکگرتن و دوورکەتنەوە لە پەرتەوازەیی؛ چونکە دەڵێت: ئەگەر لە نێوان خۆتاندا یەکگرتوو بن و کەسێکی خراپتان تێدا نەبێت، ئەوا هەرگیز نادۆڕێن.

٢- **زیرەکی و دانایی:** خوای گەورە جیاوازی کردووە لە نێوان کەسانی زانا و زیرەك و زانستخواز و کەسانی نەزان و نەفام و دەفەرمووێت: { **قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ**} ﴿الزمر : ٩﴾،واتا: بلێ ئایا ئەوانەی زانست و زانیاری دەزانن هاوتا و یەکسانن لەگەڵ ئەوانەی نازانن، بێگومان خاوەن ئەقڵ و ژیرەکان بیریان دەکەوێتەوە. لە ناوەڕۆکی پەندی پێشینانی کوردیشدا ئەمە زۆر بە فراوانی ڕەنگی داوەتەوە و پێشینانمان هەمیشەکەسانی دانا و ژیرییان پەسەند کردووە؛ بۆیە گووتوویانە:

**دوژمنایەتی دانا لە دۆستایەتی نەزان باشترە.** (خاڵ: ٢١٠)

**عەقڵ نەبێ گیان لە عەزابایە.** (خاڵ: ٢٧٥)

**کەللەی بێ عەقڵ، وەك میوەی سەرمابردوو وایە.** (خاڵ: ٣١١)

هەروەك پێغەمبەر(د.خ) هانی داوین بۆ کارکردن و هەوڵدان و دوورکەوتنەوە لە تەمبەڵی و نەزانی و دەفەرمویێت:(( **طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَىٰ كُلِّ مُسْلِمٍ** )) رواه ابن ماجه. واتا: هەوڵدان بۆ فێربوون و زانستخوازی لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە. لەبەرئەوەشە پێشینان گوتوویانە:

**بزانە زانست لە کوێ هێلانەی کردووە.** (خاڵ: ٩٧)

٣- **هاوەڵگرتن:** یەکێکە لە پێویستییەکانی مرۆڤایەتی و پێویستە لەگەڵ کەسانی باشدا هاوڕێیەتی بکەین؛ چونکە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموویێت:((**المَرْءُ على دين خليله فلينظر أحدكم من يُخالل**)) رواه أبو داود و الترمذی و حسنة والبهيقي و القضاعي.واتا: مرۆڤ لەسەر ڕێباز و ڕێچکەی هاوڕێیەکەیەتی؛ بۆیە سەیری ئەو کەسە بکەن کە دەتانەوێت هاوڕێیەتی بکەن. پێشینانیش گوتوویانە:

**تەنیایی لە هاوەڵی خراپ باشترە.** (خاڵ:١٣٦)

**ئەگەر بەد نیت، مەبە بە یاری بەد.** (خاڵ:٢٨)

**ئینسان لە نزیك کوورەوە بێ پڕیشکی لێ ئەپەڕێ.** (خاڵ:٦٦)

**واتا:** هاوڕێی خراپ وەك کورەی ئاگر وایە، ئەگەر لێیەوە نزیك بیت پڕیشکت بەردەکەوێت.

**دوو گا لە دۆڵێ ڕەنگی یەك ناگرن، بەڵام خوڵقی یەك ئەگرن.** (خاڵ:٢١١)

واتای پەندەکە ئەوە دەگەیێنێت، کاتێك دوو کەس هاوڕێی یەکتر ئەگەر ڕەنگی یەکتریش نەگرن ئەوا ڕەوشتی یەکتر وەردەگرن.

**لای دیزەی ڕەشەوە دانیشتیت، ڕەش ئەبیت.**(خاڵ: ٣٤٣)

ڕەنگی ڕەش هەڵگری مانا و ناوەڕۆکێکی نێگەتیڤانەیە و هەمیشە ڕەمزە بۆ خراپی و بەدی؛ بۆیە واتای پەندە دەردەکەوێت، کاتێك مرۆڤ لە نزیکی کەسێکی خراپ بێت ئەوا ئەویش خراپ دەبێت، کە مەبەست وەرگرتن و فێربوونی خووە خراپەکانییەتی.

**هاوڕێیەکی باش لە دە برای خراپ باشترە.** (خاڵ: ٤٢٦)

ئەم پەندەش جەخت لەسەر گرتنی هاوڕێی باش دەکاتەوە.

٤- **ئافرەت:** ئافرەت وەك دروستکراوێکی هاوتای پیاو ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە لە کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی پەروەردە و خێزان و هتد، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش جەختی زۆری لەسەر ڕۆڵی ئافرەت کردووە و گرنگی و بایەخی زۆری پێداوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموویێت: { **هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ**} ﴿البقرة:١٨٦﴾ واتا: ئافرەتەکانتان پۆشاکی ئێوەن و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان؛ بۆیە پێویستە ڕێزی لێبگیرێت، هەروەك پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموویێت: ((**خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لأَهْلِهِ وَ أنا خَيْرُكُمْ لأَهْلِي**)) رواه الترمذي وابن ماجه. واتا: باشترینتان ئەو کەسەیە، کە بۆ هاوسەرەکەی باشە و منیش لە هەمووتان باشترم بۆ هاوسەرەکەم. پێشینان بە هەمان شێوە لە چەند پەندێکدا جەختیان لەسەر ڕێزگرتنی ئافرەت کردۆتەوە و وتوویانە:

**ژنێ مێردە کردی سەنگی، عالەم هەڵسێ نایکا لەنگی.** (خاڵ: ٢٣٦)

**ژنێ مێردە کردی ترۆ، عالەم هەڵسێ نایکا پەڕۆ.** (خاڵ: ٢٣٦)

واتا: ئەگەر پیاو ڕێزی لە ئافرەتەکەی گرت و نرخاندی ئەوا خەڵکیش ڕێزی دەگرن و بە گەورە سەیری دەکەن بە پێچەوانەوەش، ئەگەر مێردەکەی ڕێزی نەگرت ئەوا بەها پەڕۆیەکی نابێت لای کەسانی تر، واتا پێویستە پیاو بۆ ئافرەتەکەی باش بێت.

ڕەوشت بەرزی بە گشتی و لە ئافرەتدا - بە تایبەتی - یەکێکە لەو ڕەهەندانەی ئایینی ئیسلام جەختی لەسەر کردووە؛ چونکە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و هەڵسوکەوتکردنی کەسانی دەوروبەر لە ژیانی ڕۆژانەدا خاڵێکی گرنگ و پێویستە، هەروەك پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی:((**تنكح المرأة لأربع: لمالها و لحسابها و جمالها ولدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك**)) رواه البخاري ومسلم واتا: ئافرەت بۆ چوار شت بخوازن: بۆ ماڵەکەی یان ناوبانگییەکەی یان جوانییەکەی یان دینەکەی، وە من ئامۆژگاریتان دەکەم کە بۆ دینەکەی بیخوازن. پێشینانیش بە هەمان شێوە ڕەوشتی ئافرەتییان بە گرنگتر زانیوە لە لایەنەکانی تر و وتوویانە:

**جوانی ئافرەت وا بە ڕەوشت و خویەوە.** (خاڵ: ١٤٦)

٥- **ڕاستی و ڕاستگۆیی:** یەکێکە لە سیفەتە هەرە بەرز و جوانەکانی مرۆڤ، خوای گەورە دەفەرموویێت: {**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ** } ﴿التوبە : ١١٩﴾، واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزگاربن، هەوڵبدەن هەمیشە لەگەڵ ڕاستگۆیان و ڕاستان دابن. لە پەندی پێشینانیشدا هاتووە.

**خوا ڕاستە و ڕاستی لێ خۆش دێ.** (خاڵ: ١٧١)

**خوار دانیشە ڕاست بلێ.** (خاڵ: ١٧٣)

**ڕاست بەو بە لای شێرا برۆ.** (خاڵ: ٢١٩)

**ڕاستی وەك گۆچان وایە.** (خاڵ: ٢١٩ )

٦- **درۆکردن و دوورِوویی**: بە پێچەوانەی ڕاستی و ڕاستگۆیی یەکێکە لە ڕەفتار و خووە خراپەکانی مرۆڤ و خوای گەورە هەڕەشەی لە درۆزنان و دووڕووان کردووە و کە شوێنیان دۆزەخە و ڕزگاربوونیان نییە و دەفەرموویت: {**فَوَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ**} ﴿**الطور: ١١**﴾ {**بَشِّرِ الْمُنَافِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا**} ﴿**النساء: ١٣٨**﴾ { **إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا**} ﴿**النساء: ١٤٠**﴾ {**إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا**} ﴿**النساء: ١٤٥**﴾؛ واتا: دووڕووان لە ژێری ژێرەوەی دۆزەخدان و دەربازبوونیان بۆ نییە؛ بۆیە پێشینانیش ئەم سیفەتەیان زۆر بە دزێوی زانیوە و دژی وەستاون؛ بۆیە وتوویانە:

**پەتی درۆ کورتە.** (خاڵ:١١٤)

**واتا:** کاری درۆ زوو ئاشکرا دەبێت و ڕاستی لە درۆ بەهێزترە.

**درۆ نە فەرزە و، نە سوننەت.** (خاڵ: ٢٠١)

پەندەکە بە تەوسەوە ئەوە دەگەیێنێت، کە درۆ کارێکی زۆر ناشیرینە و هەرگیز نابێت بکرێت و مرۆڤ ناچارنییە ئەنجامی بدات.

**درۆزن دوژمنی خوایە.** (خاڵ: ٢٠٢)

**بەرد بشکێنە، دوو ڕوو مەدوێنە.** (خاڵ:٩٠)

**دووڕوو بێ ئابڕووە.** (خاڵ: ٢١١)

٧- **ئازایەتی:** یەکێکە لە کار و سیفەتە بەرزەکانی مرۆڤایەتی، ئایینی ئیسلام مرۆڤەکان لەسەر ئازایەتی و هەوڵدان هاندەدات و {**وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ**} ﴿الأنفال: ٦٠﴾ واتا: هەرچی لە دەستان دێ بۆ بە هێز بوون بیکەن. پێغەمبەریش(د.خ) دەفەرموویت: ((**الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللهِ تعالى مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ**))**رواه مسلم.** واتا باوەڕداری بەهێز خۆشەویستتر و باشترە لای خوای گەورە لە باوەڕدارێکی لاواز و بێ دەسەڵات؛ بۆیە پێشینانیش ئامۆژگاریمان دەکەن لەسەر چاونەترسی و لە چەند پەندێکدا دەڵێن:

**ئازا جارێك ئەمرێ، ترسنۆك ڕۆژی سەد جار ئەمرێ.** (خاڵ: ١٥)

**ئەوی بترسێ، ناخەلەسێ.** (خاڵ: ٥٨)

**ساتێك بژی و شێر بی، نەك سەد ساڵ و لە ژێر بی.** (خاڵ: ٢٣٩)

**هەر دارێك نەرم بێ کرم ئەیخوا.** (خاڵ: ٤٣٣)

کۆتبەندی ئایەت و فەرموودەکە بە ئاشکرا لە داڕشتنی ناوەڕۆکی پەندەکاندا دیارە.

٨-**لووت بەرزی:** هۆکارێکە بۆ دوورکەوتنەوە و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؛ بۆیە خوای گەورە ڕقی لەم جۆرە کەسانەیە و دەفەرموویت: {**لَا جَرَمَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْتَكْبِرِينَ**} ﴿النحل: ٢٣﴾واتا: خوای گەورە ئاگادارە لەوەی پەنهانە و دەیشارنەوە و بەوەش کە بە ئاشکرا دەریدەخەن، بە ڕاستی ئەو زاتە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت، کە لووت بەرز و خۆ بە گەورە دەنوێنن. سزای ئەو کەسانەش لە ڕۆژی دواییدا دۆزەخە وەك خوای گەورە پێیان ڕادەگەیێنێت: { **فَادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَلَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ**} ﴿النحل: ٢٩﴾واتا: لە دەروازەکانی دۆزەخ بڕۆ ژوورەوە و تیایدا بمێننەوە، ئای کە جێگە و ڕێگەی خۆ بە زل زانەکان ناخۆش و نالەبار و ناسۆرە. لە پەندی پێشینانی کوردیدا ئەم سیفاتە زۆر بە دزێوی باسی لێوەکراوە و گوتوویانە:

**ئەگەر خۆت لە هەموو کەس بە کەمتر بزانی، دیارە ناکەس بەچە و نادانی.** (خاڵ: ٢٩)

**بەرز فڕین ملی پیاو ئەشکێنێ.** (خاڵ: ٩١)

**بچیە سەرداری، ئەکەویە خواری.** (خاڵ:١٠٠)

**واتا:** لووت بەرزی ڕەوشت و ئاکاری مرۆڤانی ڕەسەن نییە و ئەنجامی لووت بەرزی کەوتن و لە ناوچوونە؛ بۆیە ئەو کەسانەی بێفیزن بە چاوێکی بەرزتر سەیر دەکرێن و دەڵێن:

**ئەگەر خۆت لە هەموو کەس بە کەمتر بزانی، دیارە یەکە پیاوی جیهانی. (خاڵ:٢٩)**

٩- **ئارامی و ئارامگرتن:** یەکێکە لە سیفاتە بەرزەکانی پێغەمبەر و پیاوچاکان و باوەڕداران خوای گەورە لەسەر زمانی لوقمان کاتێك ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات دەگێڕێتەوە و دەفەرموویێت: { **وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ** }﴿لقمان : ١٧﴾ واتا: ئارامبگرە لەسەر ئەو شتانەی بەسەرت دێن.{**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ**} ﴿البقرە : ١٥٣﴾واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، داوای یارمەتی لە خوا بکەن بە ئارامگرتن و نوێژکردنەوە، دڵنیابن خوا یار و یاوەری خۆگر و ئارامگرانە. { **وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ**} ﴿الأنفال : ٤٦﴾واتا: ئارامگر بن، چونکە بە ڕاستی خوا یار و یاوەری خۆگر و ئارامگرانە. لە پەندی پێشینانداا ئارامگرتن بە کارێکی باش و جوان ئەژمارکراوە و گووتراوە:

**ئەگەر سەبر بکەیت، لە بەرسیلە حەڵوا ئەکەیت.** (خاڵ: ٣١)

**واتا:** ئەگەر سەبر بگریت بەرسیلە دەبێیە ترێ و ترێش دەبێت بە مێوژ و لە مێوژیش حەڵوا دروست دەکرێت.

**سەبر تاڵە و بەری شیرینە.** (خاڵ: ٢٤٠)

**شەیتان پەلەی کرد چاوی خۆی کوێر کرد. (خاڵ:٢٦٨)**

١٠- **کەم خواردن:** خوای گورە دەفەرموویێت: {**يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ**} **﴿الأعراف : ٣١﴾**واتا: ئەی نەوەکانی ئادەم جوانی خۆتان دەرخەن کاتێك دەچنە ماڵی خوا و بخۆن و بخۆنەوە و زێدەڕۆیی مەکەن؛ چونکە خوای گەورە زێدەڕۆکارانی خۆشناوێت.

ئەمەش بێگومان بۆ پاراستنی باری تەندروستی مرۆڤە؛ بۆیە پێغەمبەر(د.خ) ئامۆژگارییمان دەکات و دەفەرموویێت:(( **ما ملأ ادمي وعاء شرًا من بطنه، بحسب ابن ادم أكلات يقمن صلبه، فان كان لا محالة فثلث لطعامه، و ثلث لشرابه، و ثلث لنفسه**))رواه الترمذی.

واتا: هیچ مرۆڤێك هەگبەیەکی خراپتر لەسکی پڕ نەکردووە، چەند تیکێك کەوزەی پێبدەن بەسیەتی، ئەگەر هەرناتوانی با سێیەك بۆ خواردن و سێیەك بۆ خواردنەوە و سێیەك بۆ هەناسە بێت.

لە پەندی پێشینانیشدا هاتووە:

**ئەگەر کا، هی خۆت نییە، کایەن هی خۆتە.** (خاڵ:٣٣)

**واتا:** لە بەر هەژاری و نەبوونی کەم مەخۆ، بەڵکو ئەگەر لە شوێنێك یان خواردنێکیشت دەست کەوت بە خۆڕایی زێدەڕۆیی تێدا مەکە؛ چونکە ئەو گەدەیەی خواردنەکەی دەچێتە ناو هی خۆتە، مەبەست ئەوە کە نەخۆش دەبیت.

هەروەها گوتوویانە:

**ئەوەی زۆر بخوا زۆر ناژی.** (خاڵ:٦٠)

**کەم بخۆ و مەچۆرە لای حەکیم.** (خاڵ: ٣١١)

مەبەست ئەوە کە زۆر خۆری سەرچاوەی دەرد و نەخۆشییە.

١١- **خۆشەویستی و خۆنەویستی:** پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموویێت:((**لا يُؤْمِنُ أحَدُكُمْ حتى يُحِبَّ لأخيه ما يُحِبُّ لِنَفْسِهِ**)) متفق علیه. واتا: هیچ یەکێکتان بڕوای تەواو نابێت، تا ئەوەی بۆ براکەی پێ خۆش نەبێت، کە بۆ خۆی پێی خۆشە؛ بۆیە ڕاستەوخۆ ئەمە لە پەندێکدا هاتووە:

**ئەوی بۆ خۆتی ڕەوا ئەبینیت، بۆ خەڵقیشی ڕەوا ببینە.** (خاڵ:٥٨)

بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش لە چەند پەندێکی تردا ئەم خۆنەویستییە و خۆشەویستی کەسانی تر جەختی لەسەر کراوەتەوە:

**خۆ پەسەندی، مایەی ڕیسواییە.** (خاڵ: ١٧٦)

**دەرزییەك بکە بە خۆتا، ئنجا سوژنێك بکە بە خەڵقا.** (خاڵ: ١٨٨)

١٢- **ڕەزیلی:** خوای گەورە دەفەرموویێت: { **الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَا أَنفَقُوا مَنًّا وَلَا أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٢٦٢)** } ﴿البقرة : ٢٦٢﴾واتا: ئەوانەی لە ڕێگەی خوادا ماڵ و سامان دەبەخشن و هیچ منەت نانێن و هیچ ئازارێك ناگەیێنن، ئەوا پاداشتیان لای پەروەردگارییانە و لە ڕۆژی دواییدا هیچ ترس و بیمێکیان لەسەر نییە؛ بۆیە پێشینانیش لەم سۆنگەیەوە بۆ بەخشین نەوەکانیان هانداون و دژی چروکی و ڕەزیلی بوونە و وتوویانە:

**بەرچاوتێر ئابڕوومەندە.** (خاڵ:٩١)

**بەرچاو تەنگی ڕیسوایی ئەهێنێ.** (خاڵ: ٩١)

**هەر کەس کوێر نانە، کوێر ئیمانە.** (خاڵ:٤٣٦)

زۆر بە ناشیرینیش وەسفی کەسانی ڕەزیل و چرووکیان کردووە و گوتوویانە:

**پیاوی چرووك، پاسەوانی پارەکەیەتی.** (خاڵ:١٢١)

**ددانێ خۆی خۆش ئەوێ و نانی پێ ناخوات.** (خاڵ:٢٠١)

**گوو ناکات تا برسی نەبێت.** (خاڵ:٣٣٧)

**ماڵی خۆ نە خۆر بۆ چەکمە بۆر.** (خاڵ:٣٧٤)

١٣- **زێدەڕۆیی کردن:** خوای گەورە دەفەرموویێت:{**وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا (٢٦)** } ﴿الإسراء : ٢٦- ٢٧﴾واتا: هەقی تەواو بە کەسانی نزیك و هەژار و ڕێبواران بدەن و زێدەڕۆیی مەکەن. هەروەها دەفەرموویێت: {**إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا** } ﴿الإسراء : ٢٧﴾واتا: ئەوانەی ماڵ و سامانیان بە فیڕۆ دەدەن برای شەیتانن و شەیتانیش بەرامبەر خوای گەورە بەدنمەك ناسوپاسگوزارە. پێشینانیش گوتوویانە:

**بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕاکێشە.** (خاڵ:٨٣)

**واتا:** زێدەڕۆیی مەکە و بە قەد ئەو ماڵ و سامانەی هەتە بخۆ و بژیێ.

١٤- **زمان شیرینی و قسەی چاك:** یەکێکە لە کۆڵەگە گرنگەکانی خێزان و کۆمەڵگا، خوای گەورە دەفەرموویێت: {**أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ (٢٤) تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (٢٥)**} ﴿إبراهيم : ٢٤ - ٢٥﴾ واتا:ئایا نەتانزانیوە کە خوای گەورە نموونە بە گوفتاری پاك و چاك دێنێتەوە، کە وەك درەختی پاك و

چاك و بەردار وایە ڕەگی بە توندی داكوتاوە لە زەویدا، لق و پۆ پەكانیشی بە ئاسماندا بڵاو بوونەتەوە، ئەو درەختە بەردەوام بە ویستی خودا بەروبوومی چاك دەبەخشێت خوا ئەم نموونەیە بۆ خەڵك دێنێتەوە تا یاداوەری لێوەربگرن. پێغەمبەریش(د.خ) فەرموویەتی: **((الكَلِمَةُ الطَيّبَةُ صَدَقَةٌ)) متفق عليه**. واتا گووتەی پاك و جوان خێر و چاكەیە بۆ خاوەنەكەی. پێشینان بە هەمان شێوەزمان و گوفتاری جوان و شیرینیان كردۆتە پێویستییەكی چارەسەری كێشەكان و دژی وتەی خراپ و ناشیرین وەستاون و گوتوویانە:

**بە زبانی شیرین مار لە كون دێتەدەر.** (خاڵ: ٧٩)

**جێگای برین پڕ ئەبێتەوە، جێگای قسە پڕ نابێتەوە.** (خاڵ:١٤٨)

**واتا:** قسەی ناخۆش و خراپ شوێنەوارێكی قووڵ و خراپ لە دوای خۆیدا دروست دەكات.

**بە توندو تیژی ئیش ناچێتە سەر، بە زبانی شیرین مار لە كون دێتەدەر.** (خاڵ:٧٤)

**زبانی شیرین لە بەهەشتەوە هاتووە. (خاڵ:٢٣)**

١٥- **ڕەوشت بەرزی:** خوای گەورە كاتێك وەسفی پێغەمبەرمان دەكان دەفەرموویێت: { **وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ**}﴿**القلم : ٤**﴾ واتا:بە ڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەكی زۆر جوان و پەسەند و بێ وێنە و مەزنیت. پێغەمبەریش(د.خ) دەفەرموویێت: (( **الدين حُسنُ الخُلقِ** ))رواه أبو داود. واتا ئایین ڕەوشت جوانییە. هەروەها دەفەرموویێت **((إنما بُعِثتُ لأتممَ مَكارِمِ الأخلاق ))** رواه ابو أحمد. واتا من نێردراوم بۆ ئەوەی بەهاڕەوشتییەكان تەواو بكەم. لە پەندی پێشینانیشدا باس لە ئەدەب و ڕەوشت كراوە و گوتوویانە:

**پەرژینی پیاو ئەدەبە.** (خاڵ:١١٥)

**حەیا دڵۆپێكە كە تكا تكا.** (خاڵ: ١٦١)

١٦- **كاری چاكە و خراپە:** چاكە و خراپە دوو چەمكی دژ بەیەكن، ئایینی ئیسلام هەمیشە مرۆڤەكان بۆ كاری چاكە و دووركەتنەوە لە كاری خراپە هاندەدات. خوای گەورە دەفەرموویێت: { **وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ** } ﴿المائدە : ٢﴾واتا: هاوكاری یەكتر بكەن لەسەر چاكە و خواناسی نەك هاوكاری یەكتر بكەن لەسەر گوناهو دەستدرێژی. هەروەها یەكێكە لە سیفەتی باوەڕداران {**وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ** } ﴿التوبە : ٧١﴾واتا: باوەڕداران لە ژن و پیاو پشت و پەنای یەكترن و فەرمان بە چاكە دەكەن و قەدەغە لە كاری خراپ دەكەن.

چاكە كردن لە پەندی پێشینانی كورددا باسی لێوەكراوە و گوتوویانە:

**چاكە بكە و بیدە بە ئاوا.** (خاڵ: ١٥٢)

**خراپە بە هەموو كەس، چاكە بە كەم كەس.** (خاڵ: ١٦٧ )

١٧- **كارئاسانی:** یەكێكە لەو بەهایانەی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرماندا جەختی لەسەر كراوەتەوە، خوای گەورە دەفەرموویێت: { **يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ** } ﴿البقرە : ١٨٥﴾واتا: خوای گەورە دەیەوێت كارەكانتان بۆ ئاسان بكات و نایەوێت بۆتان قورس بكات. پێغەمبەر(د،خ) فەرمانمان پێدەكات و دەفەرموویێت:(( **يسروا و لا تعسروا**)) واتا: ئاسانكاری بكەن و شت قورس مەكەن. ئەم واتا و ناوەڕۆكە لە چەند پەنێكی پێشیناندا مەزرێنراوە وەك:

**قسەی کورت درێژ مەکە، ڕێگەی نزیك دوور مەکە.** (خاڵ :٢٨٩)

**گرێی دەست، مەخەرە دان.** (خاڵ: ٣٣٣)

**گوریس لە کوێ پسا، لەوێ گرێی بدەرەوە.** (خاڵ:٣٣٦ )

کۆتبەندی چەمك و بەها ئایینییەکان لە داڕشتنی پەندی پێشینانی کوردیدا گەلێك لەمانە زیاترن ، بەڵام لەبەر کەمی دەرفەت و درێژنەکردنەوەی توێژینەوەکە، تەنیا بەشێکمان خستوونەتەڕوو.

## سەرچاوەکان


- قورئانی پیرۆز
- فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)

### یەکەم: بە زمانی کوردی

**أ- کتێب:**

١- بەکر کانی هەمزەیی، پەندی پێشینان بە هۆنراوە، چاپی ١، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢ - تۆفیق کەریم، کاریگەری ئیسلام لەسەر کلتووری کورد، بەرگی ١، چ. سیڤا، ٢٠١٢.

٣- حەمید ڕەشاش، پەندی کوردی، دەزگای سپیرێز، هەولێر، ٢٠١٠.

٤- زەکیە ڕەشید محەمەد، پەندی پێشینانی کورد(پەند و ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣.

٥- شکریە رسول ابراهیم، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم، چ.زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.

٦- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، دەزگای سەردەم، چ(٤) ، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦٤

٧- عەلائەدیین سەجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٧٨

٨-د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٩- قەناتی کوردۆ(کوردۆییێف)، کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی (لە زاری کوردەکانی سۆڤێتەوە تۆمارکراوە)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

١٠- هەردەوێڵ کاکەیی: پەند و قسەی نەستەقی ماچۆ، هەولێر، ٢٠٠٦.

**ب- نامەی ئەکادیمی:**

١- عبدالباقی اکرام احمد، واتا و مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر، ٢٠١٢.

**ت- گۆڤار:**

١- کەریم مستەفا شارەزا، دۆست و دوژمن و ڕەنگدانەوەیان لە پەندی پێشینانی کوردی دا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١١٩، ئەیلولی ١٩٨٨.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

**أ- کتێب:**

١- د. احمد على مرسى، مقدمة في الفولكلور، دار الثقافة، القاهرة، ١٩٧٥.

٢- يورى سوكولوڤ، ت: حلمى شعراوى، عبدالحميد حواس، الهيئة المصرية للتأليف و النشر، ١٩٧١.

**ب- ئینتەرنێت:**

٣- موسوعة الحديث الشاملة، مكتبة الالكترونية، جامعة الاسكندرية.

## ئەنجــــام

**لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.**

١- هەندێك وشە و فرێز و دەربڕینە زمانییەکانی ناو قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) ڕاستەوخۆ، لە ڕووکاری دەرەوەی - زمانی - پەندی پێشینانی کوردیدا بەکارهێنراون و کۆتبەندە ئایینییەکە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی دیارە.

٢- لە ڕووی واتا و مەبەست و کرۆکی ناوەوەی پەندی پێشینانی کوردیدا بە دوو شێوە سوود لە واتا و ناوەڕۆکی ئایاتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر وەرگیراوە:

أ- هەندێك لە پەندەکان وەك وەرگێڕان خۆیان دەنوێنن و بە هەمان شێوەی ئایات و فەرموودەکان گوزارشت لە هەمان بابەت و چەمك دەکەن.

ب- هەندێك لە پەندەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵگری هەمان ئەم کرۆك و واتا و چەمکانەن، کە ئایاتێك یان فەرموودەیەك لە خۆی گرتوون.

## پوختەی توێژینەوە

ئایین سیستەمێکی ڕێکخراوی یەزدانییە؛ پڕیەتی لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە چۆنیەتی پێکەوە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بەها ڕەوشتی و مرۆییەکان؛ پەندی پێشینانیش کە بەرهەمێکی فۆلکلۆری و کەلەپوورییە و زادەی بیر و هەڵقووڵاوی هزر و تێڕوانینی پێشینانە؛ لەبەر ئەوەی بۆ کۆمەڵگایە و لە ناوجەرگەی کۆمەڵگاش سەریهەڵداوە؛ بۆیە وەك ژێدەرێکی سەرەکی و گرنگ لە داڕشتنی پەندی پێشینانی کوردیدا سوود لە ئایین وەرگیراوە؛ چونکە هەردووکیان لە هەمان چوارچێوەدا دەسوڕێنەوە، کە ئەویش کۆمەڵگایە.

کاریگەری و کۆتبەندی ئایینی لە داڕشتنی پەندی پێشینانی کوردیدا خۆی لە چەند شێوەیەکی داڕشتنی جیاوازدا دەبینێتەوە؛ چونکە هەندێك جار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تەنیا لە ڕووی داڕشتنی زمانی و ڕووکاری دەرەوەی پەندەکە سوود لە ئایین وەرگیراوە ئەمەش بە وەرگرتن و مەزراندنی وشەیەکی سەر بە کێڵگەی ئایین لە داڕشتنی پەندەکە، هەندێك جاریش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناوەڕۆکی پەندەکە لە ڕووی گەیاندنی واتا و مەبەستێك سوودی لە واتای دەقێکی ئایینی بینیوە و لە چوارچێوەی پەندەکە مەزرێنراوە.لە داڕشتنی هەندێك پەندیشدا بەهەردوو شێوە کاریگەرییەکە دەردەکەوێت.

ئەم توێژینەوەیە لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە و جگە لە خستنەڕووی پەیوەندی پەندی پێشینان و ئایین لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان کراوە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، لە بەشی دووەمیشدا لە ڕووی ڕوخسارەوە پاشان لە ڕووی واتا و ناوەڕۆکەوە باس لە کۆتبەندی ئایینی کراوە لە داڕشتنی پەندی پێشینانداا، لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و ئەو سەرچاوانەی لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە خراونەتەڕوو.



## ملخص الدراسة

الدين نظام إلهي، زاخر بالحِكم الاجتماعية من حيث تعايش المجتمع الإنساني والقيم الأخلاقية والإنسانية، والأمثال القديمة التي هي ثمرة التراث وسيولة فكر و رؤية القدماء، ولأنها تولّدت من أجل المجتمع ومن أعماقه، لهذا تمت الاستفادة من الدين كمصدر رئيس ومهم في صياغة الأمثال الكوردية، لأنّ كليهما يدوران في المحيط نفسه، ألا وهو المجتمع.

إنّ أثر الدين في صياغة الأمثال والحكم الكوردية يظهر في أشكال متعددة من الصياغة، منها أساليب مباشرة ، استفادتها من الدين تقتصر على جانب الإنشاء اللغوي والبناء الظاهري، وذلك بإدراج كلمة تنتمي إلى الدين وتوظيفها في صياغة المثل. ومنها أساليب غير مباشرة، كاستنباط مضمون المثل من نص ديني للتعبير عن معنى أوغاية ما، ثمّ تركيبها في إطار المثل، ومنها أساليب تجمع بين الطريقتين.

إنّ هذه الدراسة نتيجة لهذا المنطلق، فعلاوة على عرض العلاقة بين الأمثال القديمة والدين، تتكوّن من قسمين رئيسين: في القسم الأول تمّ عرض مفهوم و خصائص الأمثال القديمة من حيث المظهر و المعنى، وفي القسم الثاني تمّ الحديث عن التقييد الديني على الأمثال القديمة من حيث  المظهر و المعنى والمضمون في صياغة الأمثال. وفي الأخير تمّ عرض نتيجة الدراسة والمصادر التي استخدمت في كتابتها.

## Abstract

Religion is a systematic organization of God. It is full of social philosophy in terms of living community. Proverbs, as a cultural product, have deep ideas and reflects views of the old because it is for society and commenced in the heart of it. That is why religion has a significant role in composing proverbs. Thus, both religion and proverb go round the same framework that is community.

The influence and patterning religion form distinct compositions as sometimes it can be benefited in sense of composing language and the outside of the proverb directly. This can be achieved through taking and comprehending a word in the field of religion from composing the proverb. Sometimes the content of the proverb in terms of conveying meaning and intention indirectly takes benefit from the meaning of religious text and understood in the circle of the proverb. In composing some proverbs, the influence can be seen in both forms.

This research sheds light on this and it consists of two main part.In the first part was introduced the concept and the characteristics of the old proverbs in terms of appearance and meaning, and in the second part was talking about the religious restriction on the old proverbs in terms of appearance and meaning and content in the formulation of Proverb. Ultimately, the work arrives at conclusions and references.